# مانگی ڕەمەزان وکردنەوەی دەرگای خویندنگاکان هاولاٌتیانی کوردستان بیزاردەکات

**ئا :ئاسۆ**



هەرکەباسی بازاڕدێتە پێش خەڵکیکوردستان خەموو بیزاری دایان دەگرێت ، ناوی بازاڕ لای خەڵکی کوردستان ناوێکی بیزراوە و هاولاٌتیان بازاڕەکانی کوردستان بەسەرچاوەی گیرفان بڕینی خۆیان دەزانن .کاتێك بۆنە دینیو نەتەوەییە کان دێنە پێشەوە بازاڕەکان بەشێوەیەك نرخ لەسەر کالأکانیان بەرز ئەکەنەوە کەدەبێتەماییەی نیگەرانیو بیزاری هاولاٌتیان، ئەمەسەرباری ئەوەی کەلەم بۆنانەدا چەندین بەرهەمووکالأی خراپوو بەسەر چوو لەبازاڕەکاندا ساخدەکرێنەوە، بەبێ بوونی چاودێرییەك لەلایەن حکومەت و دەزگاپەیوەندی دارەکان بازرگانانو بازاڕەکانی کوردستان کوردت ووتەنی شوڵیان لیهەلکێشاوەو بەئارزووی خۆیان نرخ لەسەرکالأکان دادەنێن و کالأی خراپ دێننە کوردستان .مانگینۆیدووهەزاروو حەوت بۆخەڵکیکوردستان سەخترین مانگی ساڵەبەهۆی ئەوەی کە ئەم مانگە مانگیڕەمەزانی تێدەکەوێت و هاوکاتیش سەرەتای پرۆسەی خۆێندنی ساڵ دەکەوێتە مانگی نۆوە ،بۆیە ئێستا هاولاٌتیان دەنگی نارەزای وبیزاریان بەرزبۆتەوە بەهەمووشێوەیەك حکومەت بەکەمتەرخەم دەزانن لەئاست چاودێری کردنی بازاڕەکان.

چیاعەلی خوێند کاری شەشەمی ئامادەییەو لە نیو یەکێك لەقرتاسیەکانیشەقامی مەولەوەی پێیووتم ئێستا هەردووکاندارەو لای خۆیەوە نرخی کالأ بەرزدەکاتەوە ئێمە لەماڵەوە پێنج خوێندکارمان هەیەو هەر یەکەمان پێویستی زۆرمان هەیە،لەبەرگرانی بازاڕنازانین چیبکەین. نرخی هەمووشتێك ڕۆژ لەدوای ڕۆژزیاتر بەرزدەبێتەوە ئەگەر پێشتر تەنورەیەك بە 50 هە زاربووبێت ئێستا بەهەشتا هەزارە ئەمەش حکومەت لێی بەرپرسە بەداخیشەوە حکومەت ئەڵێ بازاڕی ئازاد من دایمەدەڵێم خوا هەزار بازاڕیوابڕێت . دایکی بەسۆز کەخاوەنی شەش منداڵەو تێکڕای منداڵەکانی خوێندکارن، ووتی من نازانم چی بکەم بەمەعاشێکی کەم ئەم هەمووشتەم پێناکرێت ئێستاش بەهوەیْ ڕەمەزانەوە شت زۆرگران بوە سەیری بازارکە بزانە چەندەقەرەباڵخە. دەچیتە هەردووکانێك بەئارەزووی خۆی نرخ ئەڵێت لەبەینی یەك دوو دوکانە نرخیکالأکان دونیایەك فەرقیهەیە ئەگەر حکومەت شەریك نەبێت لەگەڵ ئەمانە بازاڕیش ئاوهاگران نابێت . خالەمحەممەد کە زۆرتورەیەو خۆیووتەنی خاوەنی ڕەشەخێزانێکە و خۆشی ئیشی حەماڵیە، ووتی هەموو ساڵێك من دەبێت قەرزبکەم وەتاسێ مانگیتر قەرزەکانم بۆنادرێتەوە بەهۆی مانگی ڕەمەزانیشەوە شت هێندەی ترگران بوە چوار خوێندکارم هەیە لەگەڵ هەڵهاتنی ڕۆژا تاشەودادێت من ڕاکە ڕاکمە بۆپاروویەك نان بۆخیزانەکەم.بەلأم بەهۆی گرانیەوە ناتوانم بژێویان دابین بکەم . تێکرانی هاولاٌتیان بازاڕەکان تاوانباردەکەن بە گران جانی و ئیستیغلال کردنی بۆنە تایبەتیەکان بۆبەرزکردنەوەی نرخی کالأکانیان، بەلأم دووکانداروو بازرگانەکانیش بەهانەی خۆیان هەیە کاك جەمال یەکێکە لەو بازرگانانەی لەولأتی چینەوە کەلووپەل دینێتە کوردستان، پێی ووتم حەزدەکەم لای هەموان ئەوە ڕوون بێت کەئێمە ئەو کالأییەی دەیهێنین بە نرخی کۆ دەیدەدینە دووکاندارەکان وەنرخەکەشی گوونجاوە ڕا ستە کۆمەڵێك کەلوو پەل هەیە نرخەکەی گرانە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کەئێمە حکومەت لەسەر سنورەوە گومرك دەخاتە سەر کالأکانمان ئەمە جگەلەوەی خەڵکانێك هەیە بەپشتی ئەموو ئەو یان بەپارەی ئەم دەسەلأت و ئەو دەسەلأت خراپترین کالأدێننو بەنرخێکی گران دەیفرۆشن ئەمەدەبێت بۆهاولاتیان ڕوون بێت .نابێت بازرگان بەوچاوەوە سەیر بکرێت بەلکوو ئەوەی کەخەرێکی گیرفان برینوو ڕوتانەوەی توێژی مووچەخۆرانە ئەوکەسانەن کەپشتیان هەیە دەگەڕێمەوە سەر کالأکانی ئێمە لەسەرەتاوە پێم ووتی زۆرکالأهەیە بەپارەیەکی کەم دەگاتەدەست کاسبکارەکانی خۆمان بەلأم ئەوان بەئارەزووی خۆیان نرخ بەر زدەکەنەوە دووکاندار هەیە دەڵێت لەهەردوو بۆنەی ڕەمەزان و جەژنی قوربانابەقەت هەموو ساڵەکە قازانج دەکەم. بۆیە دەبێت حکومەت لێکۆڵێنەوە بکاتوو لە بۆنەکاندا بەووردی چاودێری بازاڕ بکات ،دەشتوانن لیژنەدابنێن و پرس بەئێمەو مانان بکەن تاڕاستیەکانیان بۆڕوون بێتەوە .

دووکاندارو و کاسپکارانی ناوخۆش بەهەموو شێوەیەك ئەم تۆمەتانە ڕەت ئەکەنەوە دەڵێن ئێمە نرخ بەرزناکەینەوەو ئەو کالأیانە بەگرانی دەگاتەدەست ئێمە.

ماموستا گەردوون یەکێکە لەودوو کاندارانەی کەکالأی ژنان دەفرۆشێت

وتی زۆرجار خەڵکی ئێمە بەگیرفان بڕدەناسێت ئەم دووکانە بژێوی سێخێزانی لەسەرە قاتێك ئەگەر 5 هەزاردینار خیر بکات من دەیفرۆشم .دەبێت خەڵکی بزانێت کەمن لەم دووکانە چەند کرێدەدەم چەند پارەی ئاو ئەدەم چەند پارەی کارەبا ئەدەم- کارەبای ئەهلیو حکومی چەند زەریبە ئەدەم، ئەمانە هەمووی لە قازانجی ئەم دووکانە دەر ئەچێت بۆیە دەبێت حکومەت زەریبەکەم کاتەوە نرخی کرێی خانوو کەم کاتەوە کارەباو ئاو چاك بکات

کێشەی سووتەمەنی چارەسەر بکات  کەیەکێکە لەهۆکاری بەرزبوونەی نرخی بازاڕ  .
ئێستاڕاستیەك کەلای هەموان ڕوونەوهەموولایەك جەختی لێدەکەنەوە ئەویش کەمتەرخەمی حکومەت سەر چاوەی هەمووکێشکانە. لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە شدا هەموو ئەو بەڕێزانەی قسەیان بۆکردم  لەوەدڵنیام کردنەوە کە ئەم ڕاپۆرتە هیچ لەباروودۆخەکە ناگۆڕ ێت و ئەم ساڵیش وەك هەموو ساڵە کانی تر خەڵکی هەژاروو  مووچەخۆران زەرەرمەند دەبن  .